

ئەلین خەلـەف کچە هونەرمەندێکی لوبنانییە کە ماوەیەکـی زۆرە لەو بـوارەدا کار دەکات و تا ئێسـتا چەندین بەرهەم و کلیپی پێشکەش کردووە، ماوەیـەك لەگەڵ جیجی لامـارا کاری کـردووە کـە ئێسـتا بەڕێوەبەری هونـەری هونەرمەنـد نانسـی عەجرەمـە هەر بۆیـەش زۆر کەس پێیان وابوو کـە جیابوونەوەی جیجـی لەگـەڵ ئەلین لـە بـواری کارکردنەوە ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لـە دواکەوتنی ئەلین لە کارەکانی، لە پەیوەندییەکدا ئەلین خەلەف بم شـێوەیە وەڵامـی پرسـیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

## ئەلین خەلەف بۆ گوڵان:

# نزیکبوونێک لە نێوان هونەری گەلانی ناوچەی ئێمە هەیە


دیمانە/ خەلیل بلەیی
Xalil2001@yahoo.com

## جیجی لامارا کاریگەریی بەسەر دوورکەوتنەوەی من نەبووە

*** بۆچی ماوەیەکە دوورکەوتووی لە هونەر؟**

- من دوور نەکەتوومە لە هونەر بەڵگەشم بۆ ئەم قسانەی ئەو کاتەی تۆ تەلەفۆنت کرد من خەریکی خۆ ئامادەکردن بووم دەڕۆیشتم بۆ ستۆدیۆ بۆ تۆمار کردنی چەند گۆرانییەکی نویێ، کە بەشێکن لە بەرهەمی داهاتووم کە بڕیار وایە دوای ماوەیەکی دیکە بڵاوی بکەمەوە، جەماوەری خۆم دڵنیا دەکەمەوە کە ئەم بەرهەمە یەکێك دەبێت لە کارە بەهێزەکانم هەروەها دەبێت بە یەکێك لە بەرهەمە سەرکەوتووەکانی ئەم ساڵ لە نێو هەموو ئەو کارانەی کە ئەم ساڵ بڵاودەکرێنەوە.

*** پێشتر چەند بەرهەمێکی زۆر باشت پێشکەش کرد ئەمەی داهاتوو دەگاتە ئاستی ئەوان؟**

- بێگومان هەوڵێکی زۆرم لەگەڵی داوە و هیوادارم لە بەرهەمەکانی پێشووترم باشتر بێت، چونکە ئەگەر هونەرمەند بەرهەمی نوێی نەگات ئاستی بەرهەمی پێشووتری بەڕای من ئەوا وازبهێنێ لە هونەر زۆر باشترە لەوەی بەردەوام بێت، چونکە بەردەوام بوونی بەم شێوە زیانی زیاترە بۆ هونەرمەند و ناوبانگی هونەری، ڕەنگە ئەو خۆشەویستییەی پێشتری جەماوەری خۆی لە دەست بدات.

*** هەندێك کەس دەڵێن لەو کاتەوەی تۆ و جیجی لامارا لە رووی هونەرییەوە جیابوونەتەوە کارەکانی تۆ بەرەو دواوە گەڕاونەتەوە ئەمە تا چەند ڕاستە؟**

- بیگومان ئەمە بە هیچ شێوەیەك ڕاست نییە من و جیجی لامارا وەك هەر هونەرمەندێك و مەنیجەرێکی دیکە جیابوونەوەمان زۆر ئاسایی بوو، جگە لە جیجی لامارا من لەگەڵ چەندانی دیکە کارم کردووە و دواتر جیابووینەتەوە وەك ئیلی عەقیقی کە بۆ ماوەیەك کارمان پێکەوە کرد دواتریش جیابووینەوە، سەرەڕای ئەمەش هیچ گرفتمان نییە و وەك جاران هاوڕێی یەکین و ئاگاشمان لە یەکتر هەیە.

*** ئەی نانسی عەجرەم هیچ ڕۆڵێکی هەبوو لە جیابوونەوەت لەگەڵ لامارا؟**

- نەخێر باوەڕ ناکەم هیچ ڕۆڵێکی هەبووبێت،چونکە من و نانسی هیچ گرفتێکمان نییە بۆ ئەوەی ببێتە هۆی جیابوونەوەی من و جیجی، دوای ئەوەی من و جیجی جیابووینەوە دیارە پەیوەندی لەگەڵ نانسی کرد و بە پێی گرێبەستێك کار دەکەن، هەروەها دوای ئەوەی من و ئیلیش جیابووینەوە ئێستا ئەو لەگەڵ باسکال مەشعەلانی کار دەکات ئەمەش کارێکی زۆر ئاساییە.

*** هەوڵت نەداوە بۆ خۆت ستایلێکی تایبەت هەڵبژێری؟**

- پێش ئێمە زۆر هونەرمەندی گەورە هەبوون کە بۆ ئێمە وەك قوتابخانەن ئێمەش هەوڵ دەدەین بەردەوام بین لەسەر هەمان ڕێرەوی ئەوان، بەڵام هەر یەکێك بە ستایلێکی تایبەت بە خۆی کە جەماوەر بتوانێت لەو ستایلە بیناسێت، چونکە هەر هونەرمەندێك لە ستایلێکدا زیاتر سەردەکەویت ئەگەرچی پێویستە هەموو جۆرە ستایلەکانی موزیك بەکاربهێنین و لێیان شارەزا بین، بۆ ئەوەی هەر کاتێك جەماوەر حەزی لە چ جۆرە موزیك و گۆرانییەك بوو، گۆرانیبێژ بتوانێ بە زمانی خۆی سەرکەوتوانە بیڵێ و سەرنجی گوێگر بۆ لای خۆی و گۆرانییەکەی رابکێشی، بەڵام ستایلی تایبەت بۆ هونەرمەند زۆر گرنگە.

## گوتنەوەی گۆرانییە کۆنەکان زۆر ئاسایی

*** تۆ گۆرانی هونەرمەندانی پێش خۆت گوتوتەوە؟**

- بەڵێ بەتایبەتی لە ئاهەنگەکان ئەمەش زۆری لەسەر داخوازی جەماوەری ئامادەی ئاهەنگەکە بووە، بە شێوەیەکی گشتی دەڵێم گوتنەوەی گۆرانییە کۆنەکان ئەوانەی پێشتر هونەرمەندان گوتویانە زۆر ئاساییە، بەڵام پێویستە ئەو کەسەی



**هەر هونەرمەندێک لە ستایلێكدا زیاتر سەردەكەویت ئەگەرچی پێویستە هەموو جۆرە ستایلەكانی موزیک بەكاربهێنێن**

**ئەگەر هونەرمەند بەرهەمی نوێی نەگات ئاستی بەرهەمی پێشووتری بەڕای من ئەوا وازبهێنێ لە هونەر زۆر باشترە**

**ئەگەر دەرفەتم هەبێت رۆژانە گوێ لە گۆرانییەكانی خاتوو فەیروز و وەدیع ئەلسافی و ئوم كەلسوم و عەبدولحەلیم حافز و فەرید ئەترەش و وەردە ئەلجەزائیرییە دەگرم**

گۆرانییەكە دووبارە دەڵێتەوە رەچاوی هەندێك شت بكات بەتایبەتی ناو وناوبانگی هونەرمەندی خاوەن گۆرانییەكە و چۆنیەتی ئەدا كردنی گۆرانییەكە بە جۆرێك گۆرانییەكە بڵێتەوە كە زیندووی بكاتەوە و نزیك بێت لە ئەدای ئەو كەسەی یەكەم جار گوتوویەتی و زیاتر خۆشەویست بێت لای جەماوەر بەتایبەتی گەنجەكان ئەوانەی گوێیان لێی نەبووە، بەمەش ئەم شێوە گۆرانی گوتنە دوو جار سوودی دەبێت جارێكیان گۆرانییەكە زیندوو دەكاتەوە جارێكی ئەو هونەرمەندە بۆ نموونە من كە گۆرانییەكە دەڵێمەوە زیاتر لای جەماوەر خۆشەویست دەبم و دەناسرێم بەتایبەتی بە سالآچووان، بەڵام ئەگەر رەچاوی ئەمانە نەكات رەنگە گۆرانییەكە بشێوێنێ و زیانی زیاتر بێت.

***گوێ لە كێ دەگرێ لە گۆرانیبێژە كۆنەكان؟**

- ئەگەر دەرفەتم هەبێت رۆژانە گوێ لە گۆرانییەكانی خاتوو فەیروز و وەدیع ئەلسافی و ئوم كەلسوم و عەبدولحەلیم حافز و فەرید ئەترەش و وەردە ئەلجەزائیرییە دەگرم بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنا بم بە هونەركەیان و چۆنیەتی ئەدا كردنیان و سوودیان لێ وەربگرم، چونكە بۆ من ئەمانە وەك قوتابخانە وان .



*** ئەی لە گەنجەكان یان نوێیەكان؟**

- گوێ لە گۆرانییەكانی زۆربەیان دەگرم، بەڵام نامەوێ ناوی كەس بهێنم.

*** باشە گوێ لەو گۆرانیانە دەگری كە هەندێك كەس بە گۆرانی ئاست نزمی دەزانن؟**

- رەنگە راست نەكەم ئەگەر بڵێم گوێیان لێناگرم، ئەوەی راستی بێت گوێ لە هەندێكیان دەگرم یان جاری وا هەیە بە رێكەوت گوێم لێیان دەبێت، ئەوەی راستی بێت هەندێك لەو گۆرانیبێژانە خاوەن بەهرە و توانای هونەری زۆرن، بەڵام لەوانەیە پێویستییان بە هاوكاری و پشتگیری زیاتر هەبێت بۆ ئەوەی ئەوانیش خزمەتێك بە هونەر بكەن، لێرەدا یەك شت دەڵێم هەر مرۆڤێك ئازادە چی پێشكەش دەكات یان چۆن پێشكەش دەكات ئەگەر منیش ئەو شێوەیەم بە دڵ نەبێت رەنگە كەسانێكی زۆر هەبن بە دڵیان بێت.

*** بۆچی تا ئێستا پەیوەندیت بە رۆتاناوە نەكردووە؟**

- رەنگە هێشتا كاتی ئەوە نەهاتبێت، هەروەها منیش داوام نەكردووە ئەوانیش پەیوەندییان پێوە نەكردووم، بەڵام زۆر ئاساییە ئەگەر لە كاتێكی نزیكدا لەسەر شاشەی رۆتانا بمبینن.

*** حەز دەكەی لەگەڵ كێ گۆرانی بڵێی؟**

- زۆر هونەرمەندی گەورە هەن كە من خەونم بەوە دەبینی رۆژێك لە رۆژان گۆرانییان لەگەڵ بڵێم وەك محەمەد عەبدە، فەیروز، سەمیرە سەعید و چەندانی تریش، هەر چەندە لە هەندێك ئاهەنگی تایبەتدا ئەو دەرفەتەم بۆ رەخساوە و لەگەڵ هەندێكیان لەسەر تەختە شانۆ وەستاوم .

*** تا چەند لە خۆت رازی؟**

- لەبەر ئەوەی من تا ئێستا لە گۆڕەپانی هونەریدا بەردەوامم و خاوەن جەماوەرێكی زۆرم تا رادەیەك لە خۆم رازیم، بەڵام هیچ مرۆڤێك ناتوانێت لەو بوارەی تێیدا كار دەكات بە تەواوی رازی بێت، بێگومان منش مرۆڤم و كەموكوڕیشم هەیە ئەمەش بە لای منەوە ئاساییە.

**تەنیا مردن هونەرمەند ون دەكات**

*** زۆر لە هونەرمەندان دوای ماوەیەك ون بوون تۆش لەمە ناترسی؟**

- من پێموایە ئەگەر یەكێك هونەرمەندێكی راستەقینە بێت تەنیا مردن دەتوانێت ونی بكات، چونكە زۆر لە هونەرمەندە گەورەكانمان ئەوانەی وازیان لە گۆرانیش هێناوە تا ئێستا ناوبانگیان هەر ماوە و لەنێو خەڵكی و لە كۆڕ و كۆبوونەوەكاندا ئامادەن و رێزیان لێدەگیرێت و خەڵاتیش دەكرێن، راستە ماوەیەكە دەركەوتنی من وەكو پێویست نەبووە، بەڵام دڵنیا بن ئەم جارە بەهێزتر و بە حەماستر لە جاران دەگەڕێمەوە.

*** راستە هونەر وا لە كچە هونەرمەندەكان دەكات بیر لە ژیانی تایبەتی خۆیان نەكەنەوە بەتایبەتی پێكهێنانی خێزان و ژیانی هاوسەری؟**

- من بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەو رایەدا نیم، چونكە هەر كچە هونەرمەندێك ئەگەر هونەری خۆی زۆریش خۆش

بویێت و بەشـێکی زۆری کاتێکی خۆیشی بۆ تەرخان بکات و گرنگییەکی زۆریشی پێ بدات ئەوا بە هەر شێوەیەك بێت بیر لە ژیانی خۆیشی دەکاتەوە، من دڵنیام راستە هونەر لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی کچە هونەرمەندەکان لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەری دوا بکەون یان زۆر جار سەرکەوتوو نەبن تێیدا، چونکە کاتێك هونەرمەندێك ناوبانگ دەردەکات چاوی خەڵکی لێ دەبێت و هەموو شتێکی حیسابی بۆ دەکرێت تەنانەت کەسانێکی زۆر هەن بەتایبەتی دەوڵەمەندەکان حەز دەکەن تەنیا بۆ ناوبانگ دەرکردن ژیانی هاوسەریتی لەگەڵ کچە هونەرمەندەکان پێك بهێنن کە چارنووسی زۆریان سەرنەکەوتنە، بەڵام هەرچۆنێك بێت پێکهێنانی ژیانی هاوسەری قسمەت و نسیبە.

*** ملحم بەرەکات دەڵێ ئێستا هونەرمەندانی لوبنانی بەدوای ئاوازی تورکی ئامادەدا دەگەڕێن و کە دۆزیانەوە ئیتر شیعرێکی عەرەبی بۆ دادەنێن و بێ خۆ ماندوو کردن پێشکەشی دەکەن ئەمە تا چەند راستە؟**

- بێگومان ئەم قسەیەی مامۆستا ملحم تا رادەیەکی زۆر راست بێت، بەڵام جەماوەر دەتوانێت ئاوازێکی تورکی یان غەیرە تورکی لە ئاوازێکی لوبنانی جیا بکاتەوە و زۆر بە ئاشکرا هەستی پێ بکات، چونکە لەوانەیە پێشتر گوێی لێ بووبێت و بە ئاشکراش خەڵك دەڵێ کە ئەو گۆرانییە فلان گۆرانیبێژ گوتوویەتی ئاوازەکەی لوبنانی نییە، بەڵام هەر گوێشی لێدەگرێت بۆیە من پێموایە کارێکی تا رادەیەك ئاساییە، بەڵام بە مەرجێك کاریگەری سلبی نەبێ بۆ سەر گۆرانی ئێمە بەتایبەتی فۆلکلۆری لوبنانی.

*** تۆ باست لە فۆلکلۆر کرد تا چەند سوودت لێی بینیوە؟**

- باوەڕ ناکەم تا ئێستا ئاهەنگێکم ساز کردبێت لە دەرەوە و ناوەوەی لوبنان ئەگەر گۆرانی فۆلکلۆریم تێیدا نەگوتبێت، چونکە بەڕای من فۆلکلۆر رووحی هونەری هەر میللەتێکە، جەماوەریش زۆر داوای گۆرانی فۆلکلۆر دەکات و هەندێك جار ئەم فۆلکلۆرە رۆڵی هەیە لە دەرکەوتن و ناوبانگ دەرکردنی هونەرمەند، بەتایبەتی ئەگەر نەیشێوێنێت و بە باشی بیڵێت، بەڕای من ئەگەر گۆرانی کۆن و گۆرانیبێژە گەورەکان نەبونایە ئێمە نەماندەتوانی گۆرانی بڵێین.

*** هیچ نزیك بوونێك لە نێوان فۆلکلۆری کوردی و لوبنانی دەبینی؟**

- بەداخەوە وەك پێویست گوێم لە فۆلکلۆری کوردی نەبووە هەرچەندە هەندێك دۆستی من کە سەردانی کوردستانیان کردووە بۆ کاری تایبەتی دەڵێن نزیك بوون و لێکچوونێك هەیە لەنێوان فۆلکلۆری ئێمە و فۆلکلۆری کوردی، بەڵام راستیەك هەبێ دەبێ هەموومان بزانن کە بە حوکمی نزیك بوونەوەی جوگرافی نێوانمان نزیك بوونێك هەیە لە نێوان فۆلکلۆری کوردی و تورکی و عەرەبی بەتایبەتی لوبنانی و تا رادەیەك فارسیش و ئەگەر بە وردی گوێیان لێ بگرین هەستی پێ دەکەین، هەر بۆیەش زۆر ئاساییە ئەگەر ئەمانە سوودیان لێك وەرگرتبێت یان هونەری یەکدییان بە کار هێنابێت، بۆ نموونە ئێستا زۆر لە هونەرمەندە لوبنانییەکان سوود لە ئاوازی تورکی وەردەگرن.

*** هونەرمەند بەچی سەرکەوتوو دەبێت؟**

- هەر هونەرمەندێك ئەگەر خەڵك حەز لە کارە هونەرییەکانی بکات ئەوا هونەرمەندێکی سەرکەوتووە.

***هونەر چۆن پێناسە دەکەیت؟**

- هونەری شتێکە من ناتوانم بەبێ ئەو بژیم هەرچەندە ئێستا لەبەر چەند هۆکارێکی تایبەت بە خۆمەوە تا رادەیەك دوور کەوتوومەتەوە، بەڵام هەرگیز ناتوانم بێ هونەر بژیم.

*** هیچ مەرجێکت هەیە بۆ گۆرانی گوتن یان کار کردن لەگەڵ کەسێك؟**

-دەتوانم زیاتر بڵێم من مەرجم بۆ خۆم داناوە نەك بۆ کەسانی هونەرمەند کە کاریان لەگەڵ دەکەم، چونکە نابێ کارێك بکەم و بزانم تێیدا سەرکەوتوو نابم بۆیە نابێ مەرج بۆ کەس دابنێم

***کاتەکانت چۆن بەسەر دەبەی؟**

- کاتێکی زۆرم بۆ وەرزش تەرخان کردووە، چونکە پێموایە هەموو مرۆڤێك پێویستە بەوەیە رۆژانە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت وەرزش بکات بۆ هونەرمەندیش بە هەمان شێوە.



**کاتێک هونەرمەندێک ناوبانگ دەردەکات چاوی خەڵکی لێ دەبێت و هەموو شتێکی حیسابی بۆ دەکرێت تەنانەت کەسانێکی زۆر هەن بەتایبەتی دەوڵەمەندەکان حەز دەکەن تەنیا بۆ ناوبانگ دەرکردن ژیانی هاوسەریتی لەگەڵ کچە هونەرمەندەکان پێک بهێنن**

**ئەگەر گۆرانی کۆن و گۆرانیبێژە گەورەکان نەبونایە ئێمە نەماندەتوانی گۆرانی بڵێین**

**وەک پێویست گوێم لە فۆلکلۆری کوردی نەبووە هەرچەندە هەندێک دۆستی من کە سەردانی کوردستانیان کردووە بۆ کاری تایبەتی دەڵێن نزیک بوون و پێکچوونێک هەیە لەنێوان فۆلکلۆری ئێمە و فۆلکلۆری کوردی**



## هونەرمەند عادل عەزیز بۆ گوڵان :

# کلتوری وڵات بەوەپێشناکەوێت لەئاهەنگێکدا گۆرانی بڵێت و بەیانی هەموو شتێکی بۆ بکەن

**عادل عەزیز یەکیك لەو هونەرمەندە خاوەن سەلیقانەی دنیای هونەری کوردییە کە توانیوویەتی خزمەتێکی دیارو بە چاو هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی بکات و کار بۆ پێشخستنی بکات رەنگە ئەوانەی گوێ گری کارە هونەرییەکانیشی بن زیاتر خەڵکی نوخبەیی ناو کۆمەڵگا بن لەهەمان کاتدا عادل عەزیز ساڵانیك کاری بێژەری کردووە لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان و کەناڵی کوردسات هەر بۆیەش بە چاکمان زانی ئەم دیدارەی لەگەڵدا ساز بکەین بەم شێوەیەش بۆ وەڵامەکان هاتە ئاخاوتن.**

**سەرەتا هونەرمەند عادل عەزیز بەم شێوەیە باس لەژیانی خۆی کردو گوتی:** لەساڵی ١٩٧٠ لەگەڕەکی شێخ محیەدینی شاری سلێمانی لەدایک بووم خوێندنی سەرەتاییم لەقوتابخانەی بێکەس و مەولانا خالید تەواوکردو ناوەندیشم لەقوتابخانەی کاوە تەواوکردووە بۆئامادەییش لەقوتابخانەی هەڵکەوتی کوڕان بووم، لەدوای ڕاپەڕینەوە ئاوێتەی دونیای بێژەری بووم ولە ڕێگەی کاری بێژەییەوە زۆرێک لەهونەرمەندانم ناسی وتوانیم بەهۆیەوە لەگەڵ کاک ( سەباحی سەنتور) یەکەم کاری خۆم لە تیپی مۆسیقای فۆلکلۆری بەناوی (زامی سەخت) تۆمار بکەم وتوانیم ئەم دووهونەرە پێکەوە لەژیانی خۆمدا کۆبکەمەوە وەکوخۆتان دەزانن بێژەریش هونەرێکی داخراوە وەکوکاری گۆرانی ووتن نییە کاری هونەری فەزایەکی زۆرگەورە وفراوانە چۆن بتەوێت بە ئارەزووی خۆی مەلەی تیادەکەیت.

*** چی هاندەری سەرەکی تۆبوو بۆدنیای هونەری گۆرانی گووتن، چی تۆی لەگەڵ ئەم هونەرەگرێ دا وکێ یەکەم کەس بوو پێی گووتی دەنگت خۆشە و دەتوانی لەو بوارەدا سەرکەووتوبیت؟**

- دیارە سەرەتا ئەو بەهرەیەی کە من لە منالییەوە لەگەڵم دابوو هاندەری سەرەکی بوو پاشانیش هاوڕێکانم زۆرجار ئاماژەیان بۆئەوە دەکرد کە دەنگم خۆشەو ئەتوانم گۆرانی بڵێم دواتر وەکوکاری جدی ئەو برادەرانەی کەهاوڕێم بوون کاری هونەریان دەکرد بۆ نموونە(کاک سەباحی سەنتوور و کاک فەرهادی کەمان)ڕۆژێک پێیان ووتم گۆرانییەکمان داناوەکە زۆر باشە بۆدەنگی تۆ بۆ تۆماری ناکەیت دوای ئەو پرۆڤەم تیاداکردو ویەکەم بەرهەمم تۆمارکرد بەریکۆردەرەکەی کاک کەمالی حاجی سەعید لەو کاسێتەدا بڵاوبۆوەکە تیپی مۆسیقای فۆلکلۆری کوردی بڵاوی کردەوە، و ئەوگۆرانییە یەکێک بوو لەگۆرانییە نایابەکانی ئەوکاسێتە و ئەمەش هاندەر بوو بۆکاری جدیتر، بەڵام بەو مەرجەی کەمن بێژەربووم کاری بێژەریش هەم بژێوی بووهەم کارم بوو بەشێک بووکەژیانی سیاسی من ئەوەندەنە دەپرژامە سەرگۆرانی گوتن دواترلەساڵی ١٩٩٨ گۆرانییەکی ترم تۆمارکرد پاشان هونەری گۆرانی بوو بەخولیایەکی دنیای من، بەڵام پێم وایەنابێت هونەرمەند پەلە بکات هەر ساڵە وسیدیەک تەواو بکات.

*** هونەر و سیاسەت دوو چەمکی جیاوازن هیچ دەروازەیەک نییە بۆ بەستنەوەیان بە یەکتریەوە تۆچۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم دوو دنیا جیاوازەدا دەکەیت؟**

- خۆی سیاسەت حاڵەتێکە وات لێدەکات دەبێت هەندێک جار درۆبکەیت، بەڵام لەدنیای هونەردا درۆکردن بوونی نییە دنیایەکی جوانە بە ئارەزووی خۆت تێکستێک هەڵدەبژێریت کە خۆت قەناعەتت پێیەتی وتێکستێکی کلاسیک هەڵدەبژێریت کە پڕپڕە لەمانا لەگەڵ ڕێزم بۆدنیای سیاسەت، بەڵام ئێستا دنیای هونەرم پێباشترە.

*** لەکاری بێژەری و هونەری گۆرانی ووتن کامیان سەرکەووتوو تریت؟**

- دیارە بۆهەڵسەنگاندی ئەمە بینەر دەتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە،چەند جەماوەر بەشێوەیەکی گشتی دەست خۆشیان لێکردم بۆکاری بێژەری و هیوام وایە ئەو دەست خۆشییە بگوێزمەوە بۆکاری هونەری و دەتوانم بڵێم لەکاری هونەریدا بە هەمان شێوەبینەرم ڕازی کردوە

*** تاچەند لەوستایلە تایبەتییەی خۆتدا توانیوتە دەرکەووتوبیت؟**

- هونەرمەندی گەورەی فارس (شەجەریان) ئەو پرسیارەی ئاراستەکراوە دەڵی: من لەناو دنیایەکی بچووکی هونەری فارسدا کار دەکەم

**هونەرمەندی جددی دەبێت بۆ نوخبە کار بکات بۆخودی خۆی کار بکات, دەبێ هونەرمەند باکگراوندێکی فکری ومەعریفی هەبێت**

دیمانە :سۆران مارف کەریم
Soran_marf1980@yahoo.com

کەکلاسیکە باشە ئەگەر هونەرمەندێکی واگەورە وابڵێ ئەی من بڵێم چی کەواتە من هەرهیچم نەکردوە

*** تاچەند پێویستە هونەرمەند دەبێت ئەکادیمی بێت؟**

- تا چەند هونەرمەند ئەکادیمی بێت من پێم باشترە، زۆرگرنگە هونەرمەند ئەکادیمی بێت لەلای ئێمە هەتا بێژەریش بەشێوەی زانستی نییە بارودۆخی تایبەت ئێمەی کرد بە بێژەر، ڕەنگە ئەگەر ئەو بارودۆخە نەبوایەکاری بێژەری دواین کار بوایەکە من بکردایە لە هەمان کاتیشدا ئەمە سەنگ نییەکە تۆ ئەکادیمی نەبوویت ئیتر هونەرمەند نیت.

*** تۆکار بۆ نوخبەی ناوکۆمەڵگە دەکەیت باشە ئەی لە دەرەوەی نوخبە پێویستیان بەهونەرەی تۆنییە کەکاریان بۆبکەیت ؟**

- پرسیارێکی جوانە من پێموایە هونەرمەندی جددی دەبێت بۆنوخبەکار بکات بۆخودی خۆی کار بکات، دەبێ هونەرمەند باکگراوندێکی فکری ومەعریفی هەبێت بەپێی ئەو باکگراوندەی خۆی کار بکات و ئەو تێکستانە هەڵدەبژێرێت کەخۆی قەناعەتی پێیەتی وکاری تێدا دەکات تێکستی شاعیرەگەورەکان هەڵدەبژێرێت ئەگەر تێکستی شاعیری نوێش هەڵبژێری تێکستی پڕلە مانا هەڵدەبژێرێ تێکستی سادەکاری من نییە ڕەنگەئەگەر من تێکستی سادە هەڵبژێرم بۆگۆرانی هیچ گۆرانیبێژێکی باش دەرناچم، چونکە لەوانەیە زۆرکەس هەبێت دەنگ خۆش وهونەرمەندی باشتر بن کە لەو بوارەداکار دەکەن و کارەکانی منیش لەوانەیەی ئەکادیمی تر بێت، بەڵام کەکارەکەی من جیاوازە ڕەنگە پەیوەندی بەو دەقانەوە هەبێت کە بۆنوخبەیە و پێویستە هەموو هونەرمەندێك بۆخۆی ستایل وتایبەتمەندی خۆی هەبێت ئیترسەرکەووتووە یان ناگرنگ ئەوەیە تۆ هەوڵبدەیت تا ئێستا لەکوردستاندا هونەرمەندێکی پرۆفیشنەڵی جدی زۆرئەکادیمی گۆرانیبێژمان نییە، بەڵام هەمووی هەوڵدانە هەیە هەوڵدانەکەش کەمترە ڕەنگە بوارەکەش پەیوەندی هەبێت کە تۆتا چەند بوارت بۆدەڕەخسێت زیاترکار بکەیت بۆنموونە ڕەنگە من نەتوانم وەکو هونەرمەندێکی وەکو(عدنان کەریم)کار بکەم لەبەر ئەوەی ئەو زیاتر لە من ڕێی بۆخۆشکراوەکەکار بکات کارەکانیشی لەڕووی مۆسیقاوە زۆرباشترە لەمن، بەڵام بوهونەرەی کاک(عدنان کەریم)و هەمووی هەوڵدانە،چونکە ئێمە تا ئێستا وەکو کورد گۆرانیبێژێکی جیهانیمان نییە من بیرم پڕە لەئاوازی نوێ وکاری هونەری جوان، بەڵام چۆن بتوانم تۆماری بکەم کە تۆدەستم نەگریت ونەڵێی کاکە وەرە ئەمە ستۆدیۆو مۆسیقا من چۆن بتوانم کاریان بۆبکەم.

***ئەی ڕۆڵی دەسەڵات چییە لەو ڕووەوە؟**

-دەسەڵات وحکومەت کاریان کردووە، بەڵام بەداخەوە بانێکەو دوو هەوایە هونەرمەند هەیە تا ئێستا لەناو خەڵکدا نەک نەناسراوە تەنهاگۆرانییەکیشی نەچۆتە ناو خەڵکەوە نەک نوخبەش بەڵکو تاکە کەسێک لە جەماوەوەکەچی بەداخەوە حکومەت پارەیەکی خەیاڵی بۆسەرف دەکات من دوو ساڵی ڕەبەق دینارێکیان بۆسەرف نەکردم ئیتر نازانم کێشەی من لەگەڵ ئەوەبووەکە من عادلی بێژەر بم یان چیم! بەڵام ئەمەپەیوەندی نییە، چوونکەکاتێک لەگەڵ عادلی بێژەر کێشەیەکت هەیە ئەمە شتێکی ترە، بەڵام ئەوەی من دەمەوێت بۆخزمەتکردنی هونەرە حکومەت باوکی میللەتە دەبێت تۆبێ جیاوازی کاری بۆبکەیت کارەکانی من لە ناو خەڵکی نوخبە دیاربێت کەچی بەقەدەر ئەوە نییەکەکچێک دوێنێ لە ئەورووپاوە هاتۆتەوەیەک گۆرانی دەڵێت کەکەسیش نایناسێت دەیبەن لەقاهرە گۆرانییەکی بۆ تۆمار دەکەن وپارەیەکی خەیاڵی بۆخەرج دەکەن لەکاتێکیشدا نیوەی ئەم وڵاتە نازانن ئەم کچەگۆرانیبێژە یان نا لەڕاستیدا هەقە لیژنە هەبێت بۆ ڕاپەڕاندن و هەڵسەنگاندنی کارە هونەرییەکان من ئەمانەم بۆ ئەوە نەکردکە پارەم بدەنێ، چونکە لەگیرفانی خۆشم بێت ساڵی گۆرانییەک تۆمار دەکەم لەبەر ئەوەی گۆرانی بۆتە خەمێکی مەعریفی من بۆتە خەمێکی فکری من نەبۆتە خەمێک کە من لە ڕێگەی گۆرانییەوە پارە پەیدا بکەم چۆن (بەختیارعەلی ) دەڵی:کاری من ئەوەیە دەریا بخەمە سەر لێوی تۆکاری منیش ئەوەیەگۆرانی باش بدەم بەگوێی خەڵکدا بۆیە حکومەت جگە لەوەی ئەرکی ئەوەیە یاسا بچەسپێنێت لە هەمان کاتدا ئەرکی ئەوەشەکەوا هەوڵبدات کلتوری وڵات پێش بخات وگرنگی بەهونەری وڵات وکلتوری وڵات بەوە پێشناکەوێت لەئاهەنگی لێپرساوێکداگۆرانی بڵێت وبەیانی بە وەرەقەیەک چەندی بوێت بۆی سەرف بکەن دەبێت لیژنەیەک هەبێت بۆئەوەی کە لەوە بپرسنەوە ئایا ئەوگۆرانییە ئەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە وشیارکردنەوەی خەڵکدا یان نا، و ئەرکی هونەرمەند ئەو هەوڵدانەیەکە تۆلەسەرو جەماوەریت ناکرێت تۆتەسلیمی جەماوەر بیت دەبێت تۆی هونەرمەند جەماوەر بێنیتە ئاستی خۆت نەوەک هونەرمەند خۆی بێنێتە ئاستی جەماوەرکە خۆی لەخۆیدا ئەمە ئاریشەیەکە.

*** تۆ زیاترکار لەسەر تێکستی کلاسیکی دەکەیت باشە دپێت وایە ئێستا تێکست نووسی باشمان نییەیان چی؟**

- بەپێچەوانەوە هەمووی کارەکانی من کلاسیک نییە، بەڵام هەموو مرۆڤێک تایبەتمەندی خۆی هەیە ئەم تایبەتمەندیەکۆمەڵیک چەمک دەبەستێتەوە(چەمکی عەشق،چەمکی مردن،چەمکی وەفا،چەمکی تورەبوون)هەر یەکێک لەم چەمکانە سەنتراڵ بۆمرۆڤ دروست دەکات، هەمووخەمی من وتۆ تەنها عەشق نییە لەکاتێکدا مردن بوونی هەیە، هاوڕێیەتی هەیە،وەفاهەیە،لەکاتێکدا تورەبوون هەیە ئەمانەش ئەبێت کاری لەسەر بکرێت ڕەنگەکاری من لەکاری گۆرانیبێژەکانی تر قورستربێت لەبەر ئەوەی من کار لەسەر ئەو چەمکانە هەمووی دەکەم وە بۆئەم چەمکانە هەمووی پێویستم بە تێکستەکان هەموویان هەیە بەکلاسیکی تازەوە، لەسیدی (میرۆ)داشعرێکی بەختیارعەلی تێدایەکە باس لە توورەبوون دەکات، تێکستێکی (مەجیدعەزیز)تیایەکە باس لە وەفا دەکات و چەمکی عەشقی تیایە لەهەمان کاتدا چەمکی مردنی تێدایەکەشعری (مەحویە)بەناوی (مەخلوق)من چیبکەم تێکستێک نییە بە قەدەر ئەو شعرەی مەحوی باس لەمردن بکات من هەڵیبژێرم بۆگۆرانی.

*** تۆکلیپەکانت تەنها لەکەناڵی کوردسات دەبینرێت ئەی باشەکەناڵەکانی ترخزمەتی هونەری کوردی ناکەن؟**

(بە پێکەنینەوە ) ئەوە بۆ خۆی گرفتێکە، من زۆرم پێخۆشە هەموو کەناڵەکان کلیپەکانی من داببەزێنن، بەڵام کێشەیەك هەیە بەو پێیەی من کارمەندی کوردسات بووم کورد سات خۆی هەستاوە بە بەرهەم هێنانیان و حەقی خۆیەتی خۆی پەخشی بکات من داوام کردووە بدرێتە هەندێك کەناڵی تر، بەڵام تا ئێستا ئەمە نەکراوە .

*** ماوەیەکە وەکو کاری بێژەری دەرناکەوی کە ڕەنگە ئەمە پرسیاری بینەرێکی زۆر بێت تۆ چۆن وەڵامیان دەدەیتەوە؟**

- بەداخەوە ئەو کاتەی ئێمە لە کاری بێژەری دەرکەوتین کاتێکی زۆر دژوار و ناهەموار بوو ئەویش کاتی شەڕی ناوخۆ بوو بۆیە ئێستا دەرکەووتنەوەی دەم چاوەکانی شەڕی ناوەخۆ ڕەنگە هەندێ جار ببێتە هۆی کولانەوەی برینەکان با ئەو دەمو چاوەنەی شەڕی ناوخۆ نەبینرێنەوە خەڵکی گەنج و بەتوانا هەن با شوێنی ئێمە بگرنەوە.

***ڕات چیە بەرامبەر ئەم شێوازە نوێیەی گۆرانی کوردی؟**

- ئێمەی کورد خاوەنی کلتوری خۆمانین ئەوەی لە دەرەوە دەهێنن و ناوی گۆرانی کوردی لێدەنێن گۆرانی کوردی نییە

***پرۆژەی هونەری نویت چییە ؟**

- ئێستا دووکارم هەیە کە یەکێکیان تێکستی شاعیری گەورەی گەلەکەمان مەحوییە و ئەویتریان مامۆستا شیرکۆ بێکەس وە دەقێکی نالی و تێکستێکی بەختیار عەلیم ئامادە کردووە و دەمەوێت چەند کارێکی تریش بکەم بۆ بەرهەم هێنانی سیدییەك .

●●●
**ئێستا وەکو کوردگۆرانیبێژێکی جیهانیمان نییە من بیرم پڕە لەئاوازی نوێ وکاری هونەری جوان، بەڵام چۆن بتوانم تۆماری بکەم**
●●●

●●●
**حکومەت باوکی میللەتە دەبێت تۆبێ جیاوازی کاری بۆبکەیت کارەکانی من لە ناو خەڵکی نوخبە دیاربێت**
●●●

●●●
**چیبکەم تێکستێک نییە بە قەدەر ئەو شعرەی مەحوی باس لەمردن بکات من هەڵیبژێرم بۆگۆرانی**
●●●

●●●
**زۆرم پێخۆشە هەموو کەناڵەکان کلیپەکانی من دابەزێنن**
●●●